## ڤالانتاین دەرگایەکە بۆ بەهێز بوونی خۆشەویستی لەنێوان کچان و کوڕان

ئەحمەد جەمالی تەمەنی ٢٢ ساڵ کە قوتابی زانکۆیە دەڵێت « ڤالانتاین لەم ساڵانەی دواییدا وەك نەریتێك هاتە کوردستان، کوڕ و کچانی کوردستانیش لەم ڕۆژەدا گوڵ پێشکەشی یەکتر دەکەن. ئەمەش بۆتە دەرگایەك بۆ پتر بەهێز بوونی خۆشەویستی لەنێوانیاندا. هەروەها لەڕووی جیهانییەوە بۆتە ڕۆژی نوێبوونەوەی ژیان، خۆشەویستی لەنێوان کچ وکوڕدا ئەگەر بەهێزبێت و مەبەستی دیکەی لەدواوە نەبێت، کەس ناتوانێت بیڕوخێنێت. چونکە کاتێك کوڕوکچ بڕیاری خۆشەویستیان دا کەس ناتوانێت لە بڕیارەکەیان پاشگەزیان بکاتەوە، بەمەرجێك هەردووکیان یەك بڕیار بن و لەگەڵ یەك ڕاستگۆبن. لەلای من هەموو ڕۆژەکان ڕۆژی خۆشەویستین. بەڵام بەنیازم لەم ڕۆژەدا جوانترین دیاری پێشکەش بەخۆشەویستەکەم بکەم و پێی بڵێم خۆشم دەوێی. تاکو خۆشەویستییەکەمان زیاتر بێت.

## ڕەنگی سوور مانای خۆشەویستی دەدا

شۆخان جەمال تەمەنی ٢٢ ساڵە و دەڵێت « کوڕێکم خۆش دەوێت لەکۆلێژ لەگەڵ خۆمدایە، بڕیارمانداوە لەم ڕۆژەدا بەیەکەوە بچینە دەرەوە. ئەم ڕۆژەمان جیا بێت لە ڕۆژەکانیتر، من ئەوە ماوەی سێ ساڵە خۆشەویستم هەیە پێکەوە یادی ئەمرۆژە دەکەینەوە. بەنیازم لەم ڕۆژەدا گوڵێکی سووری پێشکەش بکەم، بۆئەوەی خۆشەویستییەکەمان بەهێزتر بێت.

لارە ئەحەمەد قوتابی زانکۆیە دەڵێت «لەڕۆژی ڤالانتایندا کچان و کوڕان جلی سوور دەپۆشن، بەتایبەت ئەوانەی خۆشەویستییان هەیە، بۆیە منیش بەنیازم لە ڕۆژی ڤالانتاین جلی سوور بپۆشم چونکە خۆشەویستەکەم حەز دەکات ئەم ڕۆژە جلی سوور بپۆشم، هەورەها لەگەڵی دابنیشم و کۆمەڵێك قسەی خۆش و سۆزو خۆشەویستی بدەین بەیەکتر.

## لەڕۆژی ڤالانتاین کچان و کوڕان خۆشەویستی بەرامبەر یەك دەردەبڕن

ئەحمەد مستەفا قوتابی زانکۆیە دەڵێت «من بۆماوەی سێ مانگە کچێکم خۆشدەوێت، بەڵام ئاگادار نییە واتا تاکو ئێستا خۆشەویستی یەك لایەنە دەکەم. بەڵام بەنیازم لەڕۆژی ٢/١٤ بچمە لای و لەگەڵی دابنیشم خۆشەویستی خۆمی بۆدەرببڕم و چەپکە گوڵی پێشکەش بکەم و پێی بڵێم خۆشم دەوێی.

## لە ڕۆژی ڤالانتاین کچ و کوڕ گوڵی سوور پێشکەش یەك دەکەن

بڕوا محەمەد تەمەنی ٢٥ ساڵەوە ماوەی چوار ساڵە خۆشەویستی هەیە دەڵێت «من بۆماوەی چوارساڵە خۆشەویستم هەیە هەموو ساڵێك لەڕۆژی ٢/١٤ گوڵێکی سوور پێشکەش بەخۆشەویستەکەم دەکەم. هەروەها پیرۆزبایی لێدەکەم و زۆر جاریش بەیەکەوە دەچینە دەرەوە و لەگەڵ یەك دادەنیشین.

«لەیلا نەجات» کە قوتابییەکی زانکۆیە لەمبارەیەوە دەڵێت: «بۆ دوو ساڵە لەکۆلێژ دەوام دەکەم. زۆر هاوڕێیەتی کوڕێك دەکەم، یەکترمان زۆر خۆش دەوێت، بەڵام بەنیازی خۆشەویستی نا، وەکو دوو هاوڕێ یەکترمان خۆش دەوێت، بەنیازم لەم ڕۆژەدا گوڵێکی سووری پێشکەش بکەم .

## لەرۆژی خۆشەویستیدا گوڵێك پێشکەش بەدایکم دەکەم

حەمید عومەر دەڵێت « لە ڕۆژی ڤالانتاین مەرج نییە گوڵ بدەیت بە ڕەگەزی بەرامبەرت واتە کچێك. دەتوانی گوڵێك پێشکەش بەهاوڕێکەت بکەی. من هەموو ساڵێك گوڵێك پێشکەش بەدایکم دەکەم، چونکە خۆشەویسترین کەسە لای من. ئینجا گوڵێکیش پێشکەش بەخۆشەویستەکەم دەکەم.

## لە ڕۆژی ڤالانتاین خۆشەویستان یەکتر ماچ دەکەن

بێوار عەبدوللا تەمەنی ٢٣ساڵە و دەڵێت « ڕۆژی ڤالانتاین لەئاشقان پیرۆز بێت، هیوادارم هەموو ئاشقان لەم ڕۆژە بەیەك بگەن. من بۆماوەی دووساڵە خۆشەویستم هەیە لەم ڕۆژەدا خۆشەویستی لەگەڵ یەك دەگۆڕینەوە و یەکتریش ماچ دەکەین.

هاوژین عەلی تەمەنی ١٩ساڵە و دەڵێت « لەڕۆژی ڤالانتاین پیرۆزبایی لەخۆشەویستەکەم دەکەم و دیارییەکی جوانی پێشکەش دەکەم و هەروەها لەم ڕۆژە بڕیارم داوە ماچی بکەم بۆ ئەوەی زیاتر پێوەندی خۆشەویستیمان بەهێز بێت وەکو یادگارییەك لامان بمێنێتەوە.

ڕۆژی ڤالانتاین رق و کینە لەنێوان خۆشەویستان نامێنێت

ئەمرۆژە بۆ من تاکە ڕۆژە لەساڵدا، چونکە هەست دەکەم مرۆڤەکان بیر لە عیشق و خۆشەویستی دەکەنەوە، بۆچەند ساتێك ڕق و قین وەلادەنێن. بارانی ئەڤینداری ناخ و گیان و دڵیان پاك دەکاتەوە. هیوادارم لەمرۆژەدا گەنجان و جوانتر فێری خۆشەویستی ببن و چاو لە زۆر بابەتی ڕووکەشی دنیا بپۆشن کە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم بەیەك گەیشتنیان، تەنیا بیر لەژووانێکی قەشەنگتر بکەینەوە، لەبن دارێکی جێی ژوواندا ئەگەر ئەو گوڵە پەیام و خۆشەویستی بێت کەشەوانە بێداری کردوویت و چەندەها خەونی ڕەنگالەیی پێوە دەبینیێ، ئەگەر ئەو گوڵە لەناخی سووتانێکی جاویدانی عەشقەوە بێت ڕەنگ و ڕووی ئاشقانەی گرتبێت و بۆنی خۆشەویستی لێبێت.

ئێوارەیەکی درەنگی هاوین بوو، هەتاو لە زەردەپەڕدا بەرەو ئاوا بوون دەچوو، خەریك بوو سێبەر باڵی بەسەر زەویدا بکێشێ، «نیان» لە پارکێکی قەرەباڵغی ناو شاری هەولێردا پیاسەی دەکرد، هەودای خەیاڵی ڕۆیشتبوو، خەم و ئازار لە چاوە ڕەشە گەورەکانیدا هەستی پێدەکرا، کاتێك لە ڕووخساریت دەڕوانی تێدەگەیشتی کە ئەم کچە دیلی خۆشەویستییەکی چەندین ساڵەیە، قوربانی زۆری لەپێناودا بەخشیووە، بەڵام بێئەنجام بووە، هەر وەك چۆن کەسێك بەدیلی لەزیندانێکدا دەژی هەمیشە لەچوارچێوەی ئەو زیندانە دەبێت ناتوانێت خۆی ئازاد بکات، «نیان»یش بەئاشکراو بەروونی هەستی پێدەکرا کە ئەمیش بۆتە دیلی چیرۆکێکی خۆشەویستی ئەفلاتوونی کە هەرگیز لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەنجامی نییە، کەلێی چوومە پێشەوەو لێی ورد بوومەوە، هەستم پێدەکرد کە کات لەلای ئەم کچە ڕاوەستاوە و تەمەنیشی وەك لاشەیەك وەهایە کە لە ئۆقیانووسی غەمگینیدا نوقم بووبێت، تەمەن و ڕۆژگار لەلای نیان وەك تاشەبەردێك وەهایە لەکەنار ڕووبارێك گیری خواردبێت و قوڕو لیتەی ڕووبارەکەی لێکۆبووبێتەوە، چاوەڕێی ئەوە بێت ئیتر قوڕولیتەکان ئەو تاشە بەردە داپۆشن ئاوەهابوو، کاتێك سەیری دەمووچاویت دەکرد هەستت بەکەسێك دەکرد کە لە ژیانی بەرزەخدا بێت و لە چاوەڕوانییەکی بێ کۆتایی دابێت، ئەمە هەموو ئەو ڕووخسارانەبوون کە نیان دروستی کردبوون بەچاوە ڕەشەکانی ئەو پارکە پڕ لە سەوزایی جوانەی بەڕەشی دەبینی.

«نیان» کچێکی شۆخ و شەنگی باڵابەرزی چاوڕەشی سینگ پان بوو، قوتابی کۆلێژی ئاداب بوو، وەك گشت قوتابییەکانی تر بەردەوام هەوڵ و کۆششی داوە. بۆسەرکەوتن و گەیشتن بەلووتکەی سەرفرازی و هێنانەدی خەونەکان بەردەوام ویستوویەتی کەسایەتییەکی سەربەخۆی چوست و چالاکی هەبێت، بتوانێت خزمەتی خۆی و کۆمەڵگە بکات. ڕۆژێك لە ڕۆژەکان «نیان» بە «ڕەند» کە گەنجێك بوو لە پۆلەکەی خۆیدا سەرسام بوو، بەجۆرێك هەستی بەخۆشەویستییەکی ئەفلاتوونی دەکرد، لەنێویان خۆی و ئەو کوڕەدا، ڕۆژگار هاتوو ڕۆیشت و مۆمی تەمەن ڕووی لەکوژانەوە دەکرد، خۆری قوتابییەتی کۆلیژ ڕووی لەئاوابوون دەکرد. نیان شەرمی دەکرد خۆشەویستییەکەی بۆ «ڕەند» دەربڕێت. هەرچەندە هەموو کاتێك «نیان» بەردەوام هاوکاری ڕەندی دەکرد لە ڕێکخستنی وانەکان و لەئامادەکردنی توێژینەوەو ڕاپۆرتە زانستییەکان، نیان بە جۆرێك هەوڵی لەگەڵ ڕەند دەدا کە تەنانەت لەخۆشی نمرەی باشتر بێنێت، لەڕاپۆرتەکاندا هەڵسەنگاندنی باش مسۆگەربکات، بەم شێوەیە ژیانیان بەردەوام بوو. هەموو مەبەستی نیان لەگەڵ ئەو هەوڵدانەیدا تەنیا بۆ ئەوەبوو کە سەرنجی «ڕەند» بۆلای خۆی ڕاکێشێ، بەڵام بەپێچەوانەی خەونەکانی «نیان»ەوە ڕووداوەکان ڕوویاندا. لەبەر ئەوەی کچێکی هاوپۆلیان کە لە عیشقەکەیدا لەگەڵ کوڕێکی تر سەرکەوتوو نەببوو، خۆی لە ڕەند نزیك کردەوەو بەو جۆرە هەموو خەون و ئاواتەکانی نیان کە لەمێژبوو هەوڵی بۆ دەدا بەرەو کاڵبوونەوە ڕۆیشت.

ڕەند کوڕێك بوو لەخێزانێکی دەوڵەمەند، ئەو کچەش هەربۆیە خۆی لێنزیکردبۆوە، تابتوانی وای لێبکات کەهەموو هێزێکی خۆی لەڕووی مادی و مەعنەوییەوە بۆ تەرخانبکات و هیچی تر نەکات ئەوە نەبێت، ئەمە سەرەتایەك بوو بۆ سیناریۆیەك کە ئەو کچە دایڕشتبوو بۆ بەدیهێنانی هەموو ئاواتەکانی لەسەر حسابی کچێکی تر.

ڕەند بەجۆرێك هۆگری ئەم کچەبوو نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەك لێی جودابێتەوە، وردەوردە ڕەند لەهاوڕێ دێرینەکانی خۆشی دوورکەوتەوە، کە ساڵانێك بوو پێکەوە بوون، تەنانەت لە «نیان» و گشت هاوڕێکانی تری جیابۆوە، ئەوەندەی نەبرد پێوەندی لەگەڵ کوڕەکانیشدا نەما، کە پێشتر هاوڕێی بوون، ئەمە نەخشەیەك بوو کە ئەم کچە دایناببوو.

ڕەند هێندە کاریگەربوو بەم کچە دەتوت لەژێر کۆنترۆلی مادە بێهۆشکەرەکاندایە، توانای هزری لەدەستداوە بەبێ ئەوەی هیچ کام لە برادەرە نزیکەکانی لەوانیاندا نیان ئاگاداربکاتەوە، ڕەند چوو ئەم کچەی خواست بوو بە هاوسەری ژیانی.

ڕەند ژیانی هاوسەرگیری دەست پێکرد، بەیانیەکیان لەکۆلێژ شیرینی بەخشییەوە، نیان بەمە تووشی شۆك بوو. ئایا تۆبڵێی ئێستاش ڕەند ئەمی خۆش بوێت، ئەی کەواتە ئەم هەموو ساڵە نیان کێی خۆشویستووە، کوڕێك کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لەبیری بچێتەوە، ئەمە هەموو ئەوپرسیارانە بوون کە «نیان» لەخۆی دەکرد و بەلای خۆیدا دەیوت نەدەبوو من متمانە بەکوڕێك بکەم کەهەموو تەمەنی بدەمێ و ئەویش هەر نەزانێت.

«نیان» دوای تەواوکردنی کۆلێژ چووە نێو قەفەزی زێڕینەوە لەگەڵ کەسێکدا کەهەرگیز خۆشی نەویستووە، بەڵام بەهیوای ئەوەی کەبتوانێت خۆشەویستی لەدوای زەواج دروستبکات، بەڵام سەرنەکەوت و نەیتوانی، چونکە هەر دڵی لەلای ڕەند بوو دڵی لەلای ئەو کوڕەبوو کە ماوەیەکی تەمەنی بۆکردە قوربانی. ئایا دەتوانێت لەگەڵ پیاوێکدا بژی، بەڵام دڵی بۆکەسێکی تر بچێت. لەئەنجامدا نیان لە هاوسەرەکەی جیابۆوەو تەڵاقدرا و بوو بە کەسێکی نامۆ لە کۆمەڵگەدا، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە بە چاوێکی دیکە سەیری ئافرەتی تەڵاقدراو دەکات، ئەوانیش ناچار دەبن پەنا بۆ گۆشەگیری ببەن. ڕەندیش ژیانی هاوبەشی لەگەڵ ئەوەی خۆشدەویست پێکهێنا، بەڵام تۆ بڵێی ئەوانیش لە ژیاندا بەختەوەر بن؟

ئامادەکردنی: دیار سالار

# ئیرەیی بردن، پەتایەکە بۆ تێک
# پێوەندییەکان لەناو ئافرەتان



**بەشـێوەیەکی گشتی بەشـێکی دیاریکراوی تاکەکانـی کۆمەڵگە لەسـەر زەوی هەڵگری جۆرێـك لـە دیـاردە دەروونییەکانـن کە لای هەندێکیـان پاڵنـەر و هۆکارێکـی بۆماوەیی لەپشتەو لای ئەوانی دیش دەشێت بەمەبەست و دەستکرد بەرهەمهێنراوبێت، ئیرەیی بردن یەکێکە لـەو دیاردە دەروونیانەی کە بەشـێوەیەکی دیار لەنێـو ئافرەتانی دنیا بەگشـتی و بەتایبەتیش لەنێو ئافرەتانی کوردسـتاندا بوونی هەیە، ئەم دیاردەیەش بۆتە هۆی ئەوەی کە لەنێوان هەندێك لە ئافرەتاندا کێشـەو گرفت بەشێوەیەك دروست بێت کە پێوەندییەکانی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی بپچڕێنێ.**

**ئا/ ئەمەل محەمەد جەلال**

**«حەزمکردووە نەیەمەوە بۆ دەوام»**

سـەرەتا کە دامـەزرام لـەم فەرمانگەیە حەزم دەکـرد لەژوورەکەمدا تەنیـا ئافرەتانی تیابێـت بۆئەوەی هـەر رازونیازێکـم هەبێت لای ئەوان بیاندرکێنم بەڵام ئێسـتا پەشیمانم و حەزەکەم پێچەوانە بۆتـەوە، ئەمە رای چنوور عەبدولکەریم محەمەدی فەرمانبەرە کە بێزاریی خۆی دەردەبڕێت بەرامبـەر بەو ئیرەییەی کە لەلایەن ئافرەتە فەرمانبەرەکانی ترەوە پێیدەبرێت لەبەرئەوەی ئـەم وەك خۆی دەڵێـت خاوەنی مووچەیەکی زیاترو خاوەنی سەیارەیەکی کیای ٢٠١٠یەو وا ئەزانن کە من خۆم لەئەوان بەزیاتر ئەزانم، ئەمە جگەلـەوەی کە زۆر هاوکارییان دەکەم و سەیارەکەشـم کردۆتە خزمەتی ئەوان لەهەرکاتێکدا کە پێویسـتیان بووبێت، بەردەوام بوو لەسـەر وتەکانی و وتی»جاری واهەبووە ئەم ئیرەیی بردنە گەیشـتۆتە ئەوەی کە حەزم نەکردووە رۆژی دواتر بێمەوە بۆ دەوامم».

**«ئیرەیی بـردن وایکـردووە ئافرەتان ببنە قەرزداری دوکاندارەکانی کەمالیات»**

شـاکار رەزا محەمەد کە قوتابی قۆناغی دووەمی زانکۆی سـلێمانییە باوەڕی وابوو کە ئەم دیاردەیە زۆر زەقتر و دیارترە لەناوەندەکانی زانکۆ لەبەرئەوەی بەداخـەوە کە زانکۆ رۆڵی سـەرەکی خـۆی لەدەسـتداوە لای هەندێك لەقوتابییەکان و تەنیا وەکو مونافەسەو ئیرەیی بردن بە هاوڕێکەی خۆی وای کردووە کە بەیانی بۆمـاوەی کاتژمێرونیوێك خەریکی خۆگۆڕین بێت لەبەرئەوەی جوانتر و رازاوەتر دەرکەوێت لە هاوڕێکانی زانکۆی، جاری واش هەبووە قوتابی ناچارکردووە کە بچێت لە رێگەی قەرزکردنەوە جۆرێك لـە میکیاج و جلوبەرگـی گرانبەها بکڕێت بەس لەبەرئـەوەی لەرووی دەروونییەوە وا هەسـت نـەکات لەهاوڕێکـەی کەمترەو لەسـەروو ئەمەوە مامەڵـەی لەگەڵدا دەکات، هاوڕێی زانکۆم هەیە مانگی رابردوو نزیکەی ٢٥٠هەزاردینار قەرزداربووە کە دەرماڵەکەشـی تەنها ٦٠ هەزار دینـارە، ئەمەش دیاردەیەکی خراپە لەناو قوتابیاندا کە هیوادارم زیاد نەکات و سەرنەکێشێتە ناو ئەوانەش کە هەژارن و خۆیانی پێوەهەڵدەکێشن لەزانکۆ

لەکاتێکداکە ئەمان ژیانی مادديان زۆرباشە.

**«ئافرەتی سەرکەوتوو ئەوەیە کە کەمتر ئیرەیی دەبات»**

ئەم دیـاردە دەروونیە زیاتر لەناو ئافرەتاندا بوونـی هەیە و کەمتر لەنـاو پیاواندا هەیە، لەبەرئەوەی ئافرەتی وا هەیە هەمیشە حەزی لەخۆدەرخستنەو واهەست دەکات کە لەئەوانی تـر جوانترە، ئـەم حـەزی جوانییەش لای ئافرەتان هەمیشە هەیە و لەرووی دەروونییەوە ئیرەیی بەو کچانە دەبات کە لەوان جوانترن و زۆربەی کات غەیبەتیـان دەکات و دەیەوێت کێشـەو گرفتی بۆدروسـت بێت ئەگەرچی کاتێـك کە بەیـەك دەگـەن بەرامبەرەکەی واهەسـت دەکات کە زۆر خۆشـی دەوێت و بەهاوڕێ باشـەکانی دائەنێت بۆ ژیان، ئەمە رای دڵخـواز عەبدوڵلاعەزیـزی توێژەری کۆمەڵایەتییەو بەردەوام دەبێت لەسەر وتەکانی و دەڵێ »ئـەو ئافرەتەی کە ئیرەیی نابات یان کەمتر هەیەتی ئەوا سەرکەوتووترە لە ژیانداو ئەگەر بـەوردی لێکۆڵینـەوەی ژیانی ئەو ئافرەتانە بکەین کە رۆژنامەنووسن و لەکاری راگەیاندندا کاردەکـەن کەمتر ئەم حاڵەتەیان

هەیە هەربۆیەش توانیویانە لەپێوەندیەکانی دەرەوەی خۆیاندا کێشە درووست نەکەن».

**«ئیرەیی بردن کۆتایی بە پێوەندی هاوڕێیەتی هێناوە»**

ئیرەیی بردن لەناخی ئافرەتدا وادەکات کە نەك هەر کار بکاتەسەر دەروونی ئەو کەسە بەڵکو ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر جەستەی و لەوانەشە بەم هۆیەوە سەردانی چەندان پزیشکی کردبێت تا چارەسەری ئەو دیاردانە بکات کە لە جەستەی دەرکەوتووە بەتایبەتی لەسەر دەموچاوی، ئەمە بۆچوونی دکتۆرە شناوە حسێن قادرە کە باوەڕیشی وایە پێوەندییەکانی ئافرەتان بەمهۆیەوە سەریکێشاوە تاکو لەیەکتر جیاببنەوەو کۆتایی بە پێوەندییە دۆستایەتییەکانیان بێنن لەگەڵ هاوڕێکەیداو ئامۆژگاریشم بۆ ئافرەتان ئەوەیە کە ئیرەی بردن جگە لە زیانگەیاندن هیچ بەرهەمێکی تری نییە و یەکەم زەرەرمەندیش خاوەنکەیەتی نەك بەرامبەرەکەی.

**«لەناو کچانی دەرەوەی شار ئیرەیی کەمترە»**

ئیرەیی یەکێکە لەو دیاردانەی تەنانەت ئێمەی مامۆستایانیشی گرتۆتەوە، من هەرگیز لە قوتابخانەکەمدا کە ماوەی ٦ ساڵە مامۆستام تا ئێستا ئەم دیاردەیەم لەنێوان کوڕێك و کچێکدا نەبینیوە، بەڵام لەنێوان ئێمەی کچاندا زۆرە، تەنانەت خۆم بوومەتە قوربانی، بەڵام ئەوەندەی تێبینیم کردووە ئەم حاڵەتە لەناو ئافرەتان یان مامۆستایانی دەرەوەی شارەکان کەمترە، لەبەرئەوەی کەمتر دێنەدەرەوەو کەمتر بەرامبەرەکەیان ئەبینن، ئەمە باوەڕی مامۆستا شنۆ حەمەرەحیم عومەرە و هەروەها وتیشی کە هەمیشە لە ئامۆژگاریەکانم بۆ قوتابیەکان ئەوەیە کە پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا باش بێت.

**«ئیرەیی لەناو کچانی زانکۆ و پەیمانگاکاندا زۆرە»**

سەیران تەها غەفوور دانبەوەدا دەنێت جارێك تەکلیفی ئەوەی لێکراوە بۆئەوەی وەکو هاریکارێك ئیش بکات بۆ کارئاسانیکردنی پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرایەتی کچێکی هاوڕێی، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو کاتە من شووم نەکردبوو حەزم نەدەکرد ئەو پێش من شووبکات بۆیە ئامادەیی ئەوەم نەبوو کە هاریکاریی بکەم لەوپێناوەدا، ئێستاش زۆر پەشیمانم لەو کارەی کە کردوومە و ئەمەش بە باجی ئەو ئیرەییەی ئەزانم کە ئەو کاتە هەمبووە، هەروەها باوەڕیشی وابوو کە ئێستاش ئەم دیاردەیە هەر بوونی هەیە بەتایبەت لەناو کچانی ناوەندەکانی زانکۆ و پەیمانگا، تاکە ڕێگاشی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە بوونی مرۆڤدۆستی و ڕۆشنبیریی بە پێویست زانی، لەڕاستیدا لەبەرئەوەی کچان ڕازونیاز زیاتر لای یەکتر دەکەنەوەو وەکو کوڕان نین بۆیە زۆربەی کات هاوڕێکەم غەیبەتی هاوڕێکەی تری لاکردووم کە بەدوایداچووم مەسەلەکە تەنها ئیرەیی بردن بووەو بەکارێکی خراپی ئەزانم.

« دیاردەی ئیرەیی زیاتر لەناو ئەو دوو خوشکەکەم دایە کە تەمەنیان لە ئێمە کەمترە»

زۆربەی کچان ئیرەییان بەیەکتر هەیە،من ئەمەش بەسیفەتێکی سروشتی دەزانم کە بە ئافرەت بەخشراوە ئەگینا لەوانەیە ئافرەت خۆی حەز بەمە نەکات و دەشێت ئەم دیاردەیە خۆنەویست بێت و هەموو کەسێکیش ئیرەیی هەیە بەڵام لەکەسێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە ئافرەتدا زۆرە، ئەمە بۆچوونی شلێر فەرەج ئەحمەد بوو کە لەیەکێك لە عەیادەکانی پزیشکی نەخۆشییەکانی تایبەت بە ژنان و مناڵبوون خەریکی بلیت بڕینە، بەردەوامبوو لەسەر بۆچوونەکانی و وتی»ئێمە لەماڵێکداین کە چوار خوشکین بەیەکەوە، دیاردەی ئیرەیی زیاتر لەناو ئەو دوو خوشکەمدایە کە تەمەنیان لە ئێمە کەمترە، کەواتە بۆتە شتێك کە دەبێت لە ئافرەتدا هەر هەبێت، ئیتر ژیانیش دەبێت هەموو شتێکی تیابێت و بەبێ ئەمەش ژیان خۆش نییە، بۆمەسەلەی دیاردەی ئیرەییش کە چەندە کاریگەریی هەیە لەسەر پێوەندییەکانی ئافرەتان لەناوخۆیاندا پێموایە کە کارگەریی خۆی هەیە بەڵام کە متمانە هەبوو ئەوا لەوانەیە زۆر کاریگەریی نەبێت و کەسی عاقڵیش دەبێت زوو ئەم شتانە چارەسەر بکات و نەهێڵێت ببێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی دەروونی».

